گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/ntj3zx89

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/09/2025
ڕێـکەوتی بڵاوكردنەوە: 20/06/2026

# ڕۆڵی شارنشینی لە نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە خێزانی کوردیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)

ئاکار سلام بکر[1] - شڤان اسماعیل حمد[2]

akar.bakr@su.edu.krd Shvan.hamad@su.edu.krd

[1+2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

شارنشینی یەکێکە لە دیاردە جیهانییە هەرە کاریگەرەکان، کە وەک بزوێنەری سەرەکیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان کاردەکات. لە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی شاری هەولێر، لە دەیەکانی ڕابردوودا گەشەیەکی خێرای شارنشینی بەخۆوە بینیوە، کە بوەتە هۆی دروستبونی کارلێکێکی دینامیکی لەنێوان بەها نەریتییەکان و شێوازەکانی ژیانی مۆدێرن. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی ڕۆڵی شارنشینی لە نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە خێزانی کوردیدا. توێژینەوەکە هەوڵی داوە ئاستی وەرگرتنی بەها مۆدێرنەکان، کاریگەرییەکانی ژینگەی شار لەسەر پێکهاتە و ڕەفتاری خێزان، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ڕەفتاری شارنشینی و کولتوری نوێی بەکاربردن، بخاتەڕو.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، پەیڕەوی لە میتۆدی توێژینەوەی چەندایەتی (Quantitative) کراوە و ئامرازی پرسیارنامە بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکارهاتوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خێزانەکانی شاری هەولێر پێکهاتوە و نمونەیەکی چینایەتیی مەبەستدار بە قەبارەی (٣٩٠) خێزان لە (١٣) گەڕەکی جیاوازی شارەکە وەرگیراوە، کە نوێنەرایەتیی ئاستە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دەکەن. ڕاستێتیی پێوەری توێژینەوەکە (٨٦,٢٢٪) و جێگیرییەکەی (ئەلفای کرۆنباخ) (٠,٧٧١) بوە، کە ئاستێکی بەرزی باوەڕپێکراویی نیشان دەدەن.

ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن، کە پرۆسەی نوێگەرایی لەناو خێزانی کوردیدا فرەڕەهەندە. لە لایەک، قبوڵکردنێکی بەرچاو بۆ هەندێک بەهای مۆدێرن لە لایەکی دیکەوە، زۆرینە مامەڵەیەکی مەرجدار لەگەڵ وازهێنان لە نەریتەکان دەکەن، کە ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی "گونجاندن" نەک "سڕینەوە". هەروەها، دەرکەوت کە فشاری ئابوریی لە شار هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سنورداركردنی قەبارەی خێزان. توێژینەوەکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەنێوان میدیای نوێ و کولتوری بەرخۆریدا دۆزییەوە، هەروەها جیاوازیی شێوازی ژیان لەنێوان گەڕەکە جیاوازەکانی شاردا بەدی کرا، کە نیشانەی چینایەتیبونی کولتوری شارنشینییە.

**وشە کلیلەکان:** شارنشینی، نوێگەرایی، بەها، بەها کۆمەڵایەتییەکان، خێزان.

# The Role of Urbanization in the Modernization of Social Values with in the Kurdish Family
## (A Field Study in the City of Erbil)

**Akar Salam Bkr[1] - Shvan Ismael Hamad[2]**

[1+2] Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

Urbanization is one of the most crucial worldwide phenomena which functions as a major operator of social and cultural changes. In Kurdish society, especially in Erbil city, there has been rapid urban developments in the last few decades, which has been the reason for the creation of a dynamic interplay between traditional values and modern lifestyles. The main objective of this research is to explore the role of urbanization in the transformation of social values within Kurdish families. The study aims to examine the extent to which modern values are adopted, the impact of the urban environment on family structure and behavior.

To achieve these objectives, a quantitative research method was followed, and a questionnaire tool was used to collect data. The research population consisted of families in the city of Erbil, and a purposive sample of 390 families was selected from 13 different neighborhoods of the city, representing various levels of social and economic status. The reliability of the research scale was 86.22%, and the placement (Cronbach's Alpha) was 0.771, which indicates a high level of reliability. The main findings of the research reveal that the process of modernization within Kurdish families is complex. On one hand, there is a noticeable acceptance of certain modern values, such as mixed-gender education. The research also discovered a strong relationship between new media and consumer culture. Moreover, differences in lifestyles between the various neighborhoods of the city were identified, which reflects the diversity of urban culture.

**Keywords**: Urbanization, Modernization, Values, Social Values, Family

## پێشەکی:

دیاردەی شارنشینی وەک یەکێک لە هێزە هەرە کاریگەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، نەخشەی ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا لە بنەڕەتەوە دادەڕێژێتەوە. ئەم پرۆسەیە تەنها گواستنەوەی دانیشتوان نییە لە گوندەوە بۆ شار، بەڵکو گۆڕانکارییەکی قوڵ و هەمەلایەنەیە کە تەواوی بونیادی کۆمەڵایەتی، ئابوری، کولتوری و سیستەمی بەهاکان دەگرێتەوە. هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش شاری هەولێر، لە دو دەیەی ڕابردودا بە شێوەیەکی خێرا و بەرچاو ئەم پرۆسەیەی بەخۆوە بینیوە، کە بوەتە هۆی دەرکەوتنی ژینگەیەکی شارنشینیی دینامیکی و فرەڕەهەند.

ئەم گەشە خێرایەی شارنشینی، خێزانی کوردی کە بۆ دەیان سەدە لەسەر بنەمای پێکهاتەی فراوان، پەیوەندیی خزمایەتیی بەهێز، بەهای کۆمەڵگەرایی و پابەندبون بە نەریتەوە دامەزرابو، خستوەتە بەردەم ئاڵنگاری و گۆڕانکاریی قوڵەوە. ژیانی مۆدێرنی شار، بە تایبەتمەندییەکانی وەک تاکگەرایی، عەقڵانیەتی ئابوری، کولتوری بەرخۆری و کرانەوە بەڕوی جیهاندا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەها نەریتییەکاندا دەکەوێتە کارلێک و زۆرجاریش ململانێوە. ئەم دۆخە، کە سیگمۆن باومان بە "مۆدێرنیتەی شل" ناوی دەبات، دۆخێکە کە تێیدا دامەزراوە "ڕەق" و نەگۆڕەکانی وەک خێزانی نەریتی "شل" دەبنەوە و بەردەوام لە دۆخی دوبارە پێناسەکردنەوەی خۆیاندان.

لێرەوە گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکە سەر هەڵدەدات: شارنشینی چ ڕۆڵێک لە پرۆسەی نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی کوردیدا دەگێڕێت؟ ئایا ئەم پرۆسەیە بەتەواوی بەها کۆنەکان دەسڕێتەوە یان دۆخێکی تێکەڵاو و نویێ بەرهەم دەهێنێت؟ ئەم توێژینەوە مەیدانییە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی زانستی و ئەزمونی، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا لە دڵی کۆمەڵگەی شاری هەولێرەوە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی شارنشینی لەسەر لایەنە کردارییەکانی ژیانی خێزان، وەک شێوازی پەروەردە، قەبارەی خێزان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی بەکاربردن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەریت، بەمەبەستی تێگەیشتنێکی قوڵتر لە دینامیکیەتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردیدا.

## ١-ڕەهەندە سەرەکییەکان و پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:.

### ١-١ ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:.

### ١-١-١ گرفتی توێژینەوەکە:

جیهان بە خێراییەکی بێوێنە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر هەمو بوارەکانی ژیان هەیە، بە تایبەتی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان. شارنشینی یەکێکە لەو دیاردە گرنگانەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم گۆڕانکارییانەدا. لە کۆمەڵگەی کوردی، بە تایبەتی لە شاری هەولێر، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر ژیانی خێزانی کوردی هەیە.

شارنشینی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکان. ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە هۆی دروستبونی گرفت و دژبەریی نێوان نەوەکان، گۆڕانی پەیوەندییە خێزانییەکان، گۆڕانی ڕۆڵی ئەندامانی خێزان. تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری شارنشینی لەسەر نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی کوردی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆیەوە ڕودەدەن گرنگە.

لە کۆتاییدا، دو گرفتی سەرەکی کە پێویستە لەم توێژینەوەیەدا چارەسەر بکرێن بریتین لە:

١ .چۆن دەتوانرێت هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی بەها نەریتییەکانی خێزانی کوردی و گونجاندنیان لەگەڵ ژیانی ژینگەی شارنشینی و پێداویستییەکانی سەردەمی نویێ بکرێت؟

٢ .چۆنیەتی خستنەڕوی گرفت و ململانێکانی نێوان نەوەکان کە بەهۆی جیاوازی لە تێڕوانین و بەهاکان دروست دەبن، چارەسەر بکرێن؟

### ١-١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات دیاردەی شارنشینی بەشێویەکی بابەتیانە لەسەر گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە خێزانی کوردیدا بخاتە ڕو، ئەمەش بۆشاییەکی گرنگ لە توێژینەوە کوردییەکان پڕ دەکاتەوە. لە ڕوی تیۆرییەوە گرنگە چونکە

یارمەتی تێگەیشتنی قوڵتر دەدات لە پرۆسەی نوێگەرایی و چۆنیەتی کاریگەریی پەیوەندی دو لایەنە لە نێوان شارنشینی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرامبەر نوێگەرایی و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

لە ڕوی پراکتیکییەوە، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دانەرانی میکانیزم لەلایەک و لەلایەکی تر پلاندانەران بۆ تێگەیشتن لە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان. هەروەها لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمی گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان، کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕێکخستنی بەها ئەرێنییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ ژیانی نوێگەریی نوێ.

### ١-١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

هەمو توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە کە بریتین لە:

١ .دۆزینەوەی ئاستی هاریکاری تاکەکان بەرامبەر بەرەوپێشخستنی بەها مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

٢ .دەرخستنی بەها هاتوەکان و کاریگەرییەکانی ئەم ژینگە شارنشینیە و پەیوەندی بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا.

٣-دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری شارنشینی تاکەکان لەگەڵ پێشکەوتنی ژینگەی شارنشینی.

### ١-٢ پێناسەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

١-٢-١- شارنشینی: ڕەبانی(٢٠١٢)، شارنشینی زۆرتر بە کلتوری شاری دانیشتوان و سەرمەشقەکانی ژیانی هاوڵاتییان پێناسە دەکرێت، شارنشینی بنەمایەکی چەند جۆرە و پەیوەندیدارە پێویستی بە کۆمەڵێک لە زانستە مرۆییەکانە (وەکو، ئابوری، جوگرافیا، کۆمەڵناسی) زانستی هونەری و ئەندازیارییە بە تایبەتی (ڕێگاوبان و بیناسازی) (رەبانی، ٢٠١٢: ٣٠). لەلایەکی دیکە حسێن(٢٠٢٣) شارنشینی بریتییە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی گواستنەوەی دانیشتوان بۆ شارەکان بە ئاکام دەگات. گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیش، بریتییە لە گواستنەوەی کولتور و دابونەریتەکان و خەسلەتەکانی لادێ بەرەو شارەکان ئەمە لەلایەك، هەروەها پابەندبونی گوندنشینەکانە بە یاسا و ڕێساکانی شار و شارستانیەت لەلایەکی ترەوە. (نەتەوە یەکگرتوەکان) وا پێناسەی شارنشینی دەکەن بریتییە لە ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی لە ناوەندە شارستانیەکاندا دەژین، لە هەمان کاتدا پێیان وایە شارنشینی تەنها بریتی نییە لە کۆبونەوەی دانیشتوان لە شارەکاندا بەڵکو شارنشینی مانایەکی فراوانتر و قوڵتری هەیە (حسین، ٢٠٢٣: ١٩٠).

لە پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی شارنشینی دەڵێین: شارنشینی دۆخێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە تاك و کۆمەڵ بەرەو شێوازێکی مۆدێرن و پێشکەوتوی ژیان دەبات و گۆڕانکاری لە بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەکات.

١-٢-٢ نوێگەرایی: ئێنتۆنی گیدێنز (١٩٩٠) نوێگەرایی ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازە کۆمەڵایەتیانەی ژیان و ڕێکخستن کە لە ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەهەمەوە سەریان هەڵدا و دواتر کاریگەرییان بەسەر جیهاندا هەبو. نوێگەرایی پرۆسەیەکی بەردەوامە کە تێیدا دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەردەوام خۆیان نوێ دەکەنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری خێرا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهاکان و شێوازی ژیان. نوێگەرایی هەروەها پەیوەندی بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و گۆڕانکاری لە پەیکەری ئابوری و سیاسی کۆمەڵگاوە هەیە (Giddens,1990: 3). باربیا (٢٠١٩) نوێگەرایی بریتییە لە کۆمەڵێکی مرۆیی ڕێکخراو یان جڤاتێکی سیاسی کە خاوەنی پێویستییەکانی ژیانی خۆیەتی و دەتوانێ کار و ویستەکانی خۆی جێبەجێ بکات. هەرچەند کەم بون یاخود زۆر بینی ڕێژەی حەتمیەت یان دەسەڵاتێک پێویستە ئەم کۆمەڵەیە بەڕێو ببات و حوکمڕانیان بکات (باربیا، ٢٠١٩: ١٦٦). مارشاڵ بێرمان(٢٠٢١)دەڵێت؛ نوێگەرایی لە دایکبوی ساتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەرهەمی چەند قۆناغێکی مێژوییە، ئەو قۆناغانە بەشدارن لە بونیادنان و گەشەکردنی نوێگەراییدا، هەتا وەکو گەیشتوتە ئەم فۆڕمەی ئێستای (ئەحمەد،٢٠٢١: ٥١).

لە پێناسەی کارراپی بۆ چەمکی نوێگەرایی دەڵێین؛ ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵ و زانست، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان نوێ دەکەنەوە و لە نەریت دادەبڕێن. ئەم پرۆسەیە دەکرێت لە ڕێگەی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی ژیان و بەشداری تاکەکان لە بڕیاردانی گشتیدا پێوانە بکرێت.

١-٢-٣ **بەها:** الهاشمی(١٩٨٩)لە پێناسەی بەهاکان دەڵێت؛ بەهاکان بیروبۆچونی ڕێکخراو و تایبەتن بە کۆمەڵگا. هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانج و تێرکردنی پێداویستییەکان، نمونە چەند بەهایەکی گشتی لەوانەش باوەڕبون بە خودای مەزن بە یەکسانی چاکە ... هتد (الهاشمی،١٩٨٩: ٢١٤). لە لایەکی دیکە مانهایم (١٩٩٣) دەڵێت؛ پابەندبونمان بە بەهاکان سەرچاوە دەگرێت لە پێویستی بونمان پێیانەوە یاخود سستەمی کومەڵایەتیمان کە پێویستی پێیەتی، بەمەش بونی بەهاکان پێداویستییەکی کۆمەڵایەتییە (مانهایم،١٩٩٣: ١٨٦). خولق(٢٠١٣) چەمکی بەها بەرامبەر واتای چەمکی (Value)ە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە واتای پلە، بایەخ، ڕێزگرتن، گرنگی پێدان، (Valeur)ی فەرەنسیەوە بەواتای نرخ و ڕێژە و دراو هاتوە (خولق،٢٠١٣ :١٣). هەروەها گیدنز(٢٠١٣)دەڵێت؛ بەها (Values) ئەو بیروباوەڕانەی تاک و گروپ بڕوایان پێیەتی و پەیوەستە بە شتی باش و خراپ خوازراو و چاکە و خراپە. جیاوازبونی بەها یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی جیاوازی لە کولتوری مرۆیی. هەروەها ئەو شتەی تاکە کەس بەهای پێدەدا زۆر بە توندی کاریگەری بە سەر دیدی تایبەتی ئەو کولتورەی کە تیایدا دەژی (گیدنز،٢٠١٣: ٣١٠).

پێناسەی کارراپی: بۆ چەمکی بەها، بەها کۆمەڵە پێوەر و ستانداردێکی ڕەفتارییە کە کۆمەڵگا پەسەندی دەکات و تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوی دەکەن، بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا.

### ١-٢-٤ بەهای کۆمەڵایەتی:

الدخیل (٢٠٠٦) بەها کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لە کۆمەڵێک یاسای وەرگیراو لەو بار و دۆخەکۆمەڵایەتییەی کە تاک تێیدا دەژی و حوکمی پێدەکات و بوارە فکری و ڕەفتارییەکانی خۆی پێ دیاریدەکات و کاریگەری دەبێت لە فێربونی ڕاستگۆیی و متمانە و ئازایەتی و دۆستایەتی و بەرپرسیاریەتی. هەمو ئەمانە بەهان و تاك وەری دەگرێت لەو کۆمەڵگەیەی کە تێدا دەژی، بە هەمان شێوە جیاواز دەبن بە جیاوازی کۆمەڵگەکان (الدخیل،٢٠٠٦: ٢٢٢). لە لایەکی دیکە حسن شحاته (٢٠٠٣) دەڵێت؛ بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک ڕێکخستن و بڕیاری عەقڵی گشتگیرە و ڕوە و کەس و شت و واتا و ڕوەو چالاکییەکانی، وا دادەنرێت پێوەرێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بڕیار بدرێ لەسەر چاکیەتی چاکە و جوانیەتی جوان و خراپی خراپ و ئەکرێ و ناکرێ، ئارەزو کراو نەکراو، کە کۆمەڵگە بۆ خۆی دای دەهێنێ بۆ پێکەوە بەستنی تاکەکان و دامەزراندنی بۆ چونێکی گشتی لە نێوانیاندا، بناغەیەکی جێگیر و ڕێژەیەکی سەقامگیری هەیە و تاوەکو ڕەفتارەکانیان کۆنترۆڵ بکات و قەوارەی تایبەتیان دەربخات (شحاتە، ٢٠٠٣: ٢٤٣).

پێناسەی کارراپی بەها کۆمەڵایەتییەکان؛ بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەر و بنەمای گشتگیر کە کۆمەڵگە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکانی دایناوە" و لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیپارێزێت. ئەم بەهایانە ئاراستەی ڕەفتاری تاکەکان دەکەن لە کۆمەڵگەدا.

١-٢-٥ **خێزان:** گیدنز(٢٠١٣) دەڵێت؛ خێزان کۆمەڵێک لەو تاکانەی بە هۆی خوێن یا هاوسەرگیری یا تەبەنییەوە بە یەکەوە بەستراون، هەروەها ئەوانەی یەکەیەکی ئابوری پێک دەهێنن ئەندامە پێگەیشتوەکانی بەرپرسن لە پەروەردەکردنی منداڵەکان. لە سەرجەم کۆمەڵگە ناسراوەکان شێوازێک لە شێوازەکانی ڕێکخستن ڕێکخستنی خێزانیان تێدایە، سەرەڕای ئەوەی سروشتی پەیوەندییە خێزانییەکان جیاوازی ئاشکرایان لە نێواندا هەیە (گیدنز، ٢٠١٣: ٢٤٥).

لەلایەکی دیکەوە ناصر(٢٠٢٠) دەڵێت لە لای برجس؛ خێزان کۆمەڵە تاکێکە، پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت، کە لە پەیوەندی خزمایەتی، هاوسەرگیری، خوێن، هەڵگرتنەوە و بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەش بەخۆی دەبینێتەوە. لەژێر یەک بنمیچدا پێکەوە دەژین، بەگوێرەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کارلێک لەگەڵ یەکدی دەکەن (ناصر، ٢٠٢٠: ٢٣).

لە پێناسەی کارڕاپی بۆ چەمکی خێزان دەڵێین گروپێکی کۆمەڵایەتییە لە ژن و مێرد و منداڵەکانیان پێکدێت، هەر ئەندامێک ڕۆڵ و ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە و بە یەکەوە کار دەکەن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەی تاک و خێزان.

## ٢- ئاراستە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشو

### ١-٢ ئاراستە تیۆرییەکان:

#### ١-١-٢ سیگمۆن باومان تیۆری شل و ڕەق (Liquid and Solid Theory)

تیۆری شل و ڕەق لەلایەن سیگمۆن باومان (Zygmunt Bauman, 1925-2017) دارێژراوە. ئەم تیۆرە بنچینەیە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی سەردەمی نوێگەرایی و دواتر نائایدۆلۆژیا دەگەڕێتەوە (Bauman,2000 :16). باومان پێناسەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەکات وەک ناوچەیەکی شل کە تیایدا هیچ شتێک جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەڵکو هەمو شتەکان لە بارودۆخێکی بەردەوامی گۆڕان و نائارامیدان.

بنەما سەرەکییەکانی تیۆرەکە پێکهاتون لەمانەی خوارەوە:

١- نائارامی و گۆڕانی بەردەوام: بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ کە لە دۆخێکی بەردەوامی نائارامی و گۆڕاندایە.

٢- لاوازبونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان: دوەمین بنەما ئەوەیە کە دامەزراوە کلاسیکییەکان وەک خێزان، پەروەردە، ئایین بەردەوام لاواز دەبن و گرنگی خۆیان لە دەست دەدەن.

٣- ئەزمونی کاتی و ناسەقامگیر: باومان جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی مرۆڤان زیاتر ڕوبەڕوی ئەزمونی کاتی و ناسەقامگیر دەبنەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندییە کەسییەکاندا.

ئەم گۆڕانە بەها کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کە پێشتر بە جێگیر و نەگۆڕ دادەنران. شارنشینی وەک بوارێکی دینامیکی کار دەکات کە تێیدا خێزان بەردەوام لە دۆخی دوبارە پێناسەکردنی خۆی دایە، هەم لە ئاستی پەیوەندییە ناوخۆییەکان و هەم لە پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ کۆمەڵگا. ئەم پرۆسەیەی "شلبون" کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێگەی ئەندامانی خێزان، سیستەمی بڕیاردان، پەیوەندییە نێوان نەوەکان و خوێندنەوەی نوێ بۆ نەریت.

#### ٢-١-٢ شارنشینی و کولتوری بەرخۆری لە ڕوانگەی جۆرج زیمیل(George.Simmel)

جۆرج زیمێل وەک یەکێک لە کۆمەڵناسە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا، گرنگییەکی تایبەتی بە توێژینەوە لە کاریگەرییەکانی شار لەسەر ژیانی مرۆڤ داوە. بە بۆچونی ئەو، شار تەنها شوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکو شوێنی سەرەکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانە (السید،٢٠١١: ٧٨). لە شاردا تاک ئازادی زیاتری هەیە بۆ گەشەکردن و دەربڕینی خود. هەروەها ژیانی شار دەبێتە هۆی دروستبونی کەسایەتی عەقڵانیتر و تاک فێری ڕێکخستنی کات و بەرنامەڕێژی دەبێت. زیمێل پێیوایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاردا زیاتر ڕوکەشی و کورتخایەن دەبن و تاک زیاتر سەربەخۆ دەبێت لە پەیوەندییەکانیدا. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی جۆری نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە پێشتر نەبوە.

زیمێل چەند بنەمایەک دەخاتەڕو سەبارەت بە شارنشینی و نوێگەرایی:

١-عەقڵانیەت و ژیانی شار: شارنیشنی پێویستی بە بیرکردنەوەی لۆژیکی هەیە و مرۆڤ لەبڕیارداندا بەشێوەیەکی عاقڵانی ڕەفتار دەکات.
٢-دورەپەرێزی و بێ هەستی: لەڕوی پەیوەندییەوە تاکەکانی کۆمەڵگا بێ هەست دەبن و پەیوەندییەکی سارد لە نێوانیاندا دەبێت ئەویش لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تاکەکەسیدا.
٣-کەسایەتی تاک:تاگگەرایی و خودپەرستی جێگەی بەرژەوەندی گشتی دەگرێتەوە(Simmel,1950: 417.).
سەبارەت بە شارنشینی وەک دیاردەیەکی نوێگەر، کاریگەری قوڵی لەسەر پێکهاتەی خێزانی کوردی هەیە. گواستنەوە لە خێزانی فراوانەوە (Extended Family) بۆ خێزانی ناوکی (Nuclear Family) یەکێکە لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان. ئەم گۆڕانکارییە تەنها گۆڕانێکی ژمارەیی نییە، بەڵکو گۆڕانێکی چۆنایەتییە لە پێکهاتەی پەیوەندییەکان و دابەشکردنی دەسەڵات. چەمکی ئۆتۆنۆمی تاک (Individual Autonomy) بەهێز دەبێت و سیستەمی هەرەمی نەریتی (Traditional Hierarchy)لاواز دەبێت (Giddens,2020:156). لە لایەکی دیکە ململانێی نێوان کۆن و نوێ ڕەنگدانەوەی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. کێشەی نێوان نەوەکان (Intergenerational Conflict) و جیاوازی لە سیستەمی بەهاکان دەبێتە هۆی دروستبونی گرژی کۆمەڵایەتی (Habermas,2022:245). بۆیە کۆمەڵگای کوردی و لە نێویدا خێزان و بونیادەکەی بەدەرنین لەم نوێگەراییەدا، خەسڵەت و پێکهاتەی بونیادی خێزانی کوردی گۆڕانی چۆنایەتی و چەندایەتی بەخۆوە دیوە.

## ٢-٢ توێژینەوەکانی پێشو:

١-٢-٢ توێژینەوەی شڤان اسماعیل حمد(٢٠١٦) بەناونیشانی ڕۆڵی مۆدێرنیتە لە گەشەی ژینگەی شارنشینی لەشاری هەولێر.تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کراوە.
ئامانجی توێژەر بریتییە لە زانینی کاریگەری نوێگەرایی لە گۆڕانی ژینگەی شارنشینی و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە لە گۆڕینی ژینگەی شاردا،ڕۆڵی شارەوانیەکان لە گۆڕینی ژینگەی شار و پلانەکانی، لەلایەکی تر زانینی ئاراستەکانی گۆڕانی ژینگەی شارنشینی لە چوارچێوەی نەخشەی دارێژراوی بنەرەتی بۆ شاری هەولێر. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتوە لە شاری هەولێر لەسەر سێ ئاستی جیاوازی بژێوی ژیان، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و وەسفی و بەراوردکاری بەکارهێناوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێکهاتوە لە چاوپیکەوتن، تێبنیکردن، فۆڕمی ڕاپرسی.
توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتوە لەوانە، گۆڕینی پێکهاتەی خێزان لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوکی، هاوکات لەگەڵ گۆڕینی بەهاکانی، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ مومارەسەکردنی ئەرکی پەرەپێدانی ژینگەی شار لە شاردا، لە ڕێگەی بڵاوبونەوە و بڵاوکردنەوەی ڕەفتاری شارەکان کە لە ئەنجامی بەهاکانی مۆدێرنیتەی شارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕوی دیالکتیکییەوە بەستراوەتەوە بە بناغەکانی هۆشیاری شارستانییەوە. هەروەها دیاردەی مۆدێرنیتی شارستانی لە شاری هەولێر بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- کولتوری، ئەمەش بوەتە هۆی خێراکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی ژینگەی شارستانی لە شارەکەدا ئەمەش بوەتە هۆی دانانی بناغەکانی ڕۆشنبیری شارستانی لە شاری هەولێر.
٢-٢-٢ توێژینەوەی أحمد هداجي(٢٠٢٣) بە ناونیشانی شارنشینی و کاریگەری لەسەر گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: توێژینەوەیەکی حاڵەتە لە شاری نوێی شێخ سیدی محەمەد بەلکەبیر – ئەدرار،جەزائیر. تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە زانکۆی ئەحمەد دراية-ئەدرار کرایە.
ئامانجەکانی توێژینەوەکە شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری نوێدا، تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری شارنشینی لەسەر ئەم پەیوەندییانە، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر شێوازەکانی ژیانی

کۆمەڵایەتیدا هاتون لەخۆدەگرێت. کۆمەڵگای مەبەست لە توێژینەوەکەدا دانیشتوانی شاری نوێی شێخ سیدی محەمەد بەلکەبیرە لە ئەدرار. میتۆدۆلۆژیای بەکارهاتو لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی مێژویی و ئاماری لەخۆدەگرێت. کۆمەڵگای توێژینەوەکەی لە دو شوێنی جیا پێکهاتوە ئەویش (١٣٨٢)یەکە لە گەڕەکی باطن و (٩٤٤)یەکە لە گەڕەکی مەیتەر وەرگرتوە کە کۆی گشتی دەکاتە (٢٣٢٦)یەکە. میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنانی ڕاپرسی کە (٣٥) پرسیاری لەخۆگرتوە و بەسەر شەش تەوەردا دابەشکراوە، لەگەڵ تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ و چاوپێکەوتن. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەریانخستوە کە کەمی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و هاوکاری لە نێوان دانیشتواندا هەیە، کە زۆربەی بەشداربوان ئاماژەیان بە نەبونی ئاڵوگۆڕی خزمەتگوزاری و سود لە نێوانیاندا کردوە، کە ئەمەش لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری نوێدا دەردەخات.

٢-٢-٣- توێژینەوەی ئاندی باندل(٢٠٢٤) بەناونیشانی کاریگەری شارنشینی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمەکانی پشتگیری.ئەفریقیای باشور. لە زانکۆی وێستێرن کیپ ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە لە دەرخستنی گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمەکانی پشتگیری لە پاراستنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکاندا دەردەکەوێت، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگ و دەرفەتانەی کە شارنشینی بۆ ئەم تۆڕانەی دەهێنێتە پێش. لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە لە کاریگەری شارنشینییە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمەکانی پشتگیری، لەلایەکی تر تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری شارنشینی لەسەر دروستکردن، پاراستن و کاریگەری ئەم تۆڕانە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە پێکهاتوە لە شیکاری ناوەڕۆک و پشتی بە توێژینەوەی کتێبخانەیی بەستوە، کە تێیدا زانیارییەکان لە سەرچاوەی دوەمەوە وەک توێژینەوە بڵاوکراوەکان، ڕاپۆرت و ئامارەکان کۆکراونەتەوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە سەرنجی خستوەتە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەژێر کاریگەری شارنشینیدان، بە جەختکردنەوە لەسەر بوارە کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئابورییە جیاوازەکان. میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی پێداچونەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوە پێشوەکان لە ڕێگەی گۆڤارە ئەلیکترۆنی و کتێبخانەکانەوە ئەنجام دراوە.

ئەنجامەکان دەریانخستوە کە کەلێنێکی پەیوەندیدار لە چوارچێوە و میتۆد هەیە سەبارەت بە کاریگەری شارنشینی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمەکانی پشتگیری. هەروەها دەریخستوە کە شارنشینی دەبێتە هۆی پارچەپارچەبونی تۆڕە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان، کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و کەمبونەوەی سیستەمەکانی پشتگیری نافەرمی. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرفەتەکان بۆ گەشەپێدانی میکانیزمەکانی پشتگیری فەرمی لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەستپێشخەرییە کۆمەڵگاییەکان دیاریکراون کە بە تەکنەلۆژیا بەهێز کراون. توێژینەوەکە جەخت لەسەر گرنگی سیاسەتە شارنشینییە گشتگیرەکان و دیزاینی وردبینانە دەکاتەوە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی، و ئاماژە دەکات کە پلاندانانی وردبینانە دەتوانێت کۆمەڵگای شارنشینی بەهێز و پشتیوان بنیات بنێت، کە لە کۆتاییدا کوالێتی ژیانی دانیشتوان باشتر دەکات.

### ٢-٢-٤ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو:

توێژینەوەکان لە کۆمەڵگای جیاواز و کاتی جیاواز بە ئەنجام دراون، بەڵام گشتیان جەختیان کردۆتەوە لە سەر کاریگەری شارنشینی لە گۆڕانکارییەکانی بونیاد و پێکهاتەی خێزان. هەروەها لە شیکردنەوەی سروشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری نوێ و دیاریکردنی کێشەکانی پەیوەست بە شارنشینی. توێژینەوەکان پشتیان بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە. توێژینەوەکانی پێشو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری جیاوازییان بەکارهێناوە، وەک ئامرازەکانی

فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن. لە ڕوی ئەنجامەوە بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکانیانەوە بە ئەنجامی جیاواز گەیشتون، بۆ نمونە شڤان(٢٠١٦)گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە گۆڕان لە پێکهاتەی خێزان ڕویداوە و خێزان لە جۆری درێژکراوە بۆ جۆری ناوەکی و گۆڕینی بەهاکانی خێزان. لە لایەکی دیکەوە أحمد هداجي(٢٠٢٣) گەیشتوە بەوەی کە کەمی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و هاوکاری لە نێوان دانیشتواندا هەیە. هەروەها ئاندی باندل(٢٠٢٤) دەریخستوە کە شارنشینی دەبێتە هۆی پارچەپارچەبونی تۆڕە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان، کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و کەمبونەوەی سیستەمەکانی پشتگیری نافەرمی.

## ٣- نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکانی لە سۆنگەی شارنشینیدا

نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکانی لە سۆنگەی شارنشینیدا گۆڕانکارییەکی بەرفراوانیان بەسەردا هاتوە. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بەردەوامە کاریگەری گەورەی لەسەر پێکهاتەی خێزانی کوردی لە ڕوی بەها و نەریتەکانەوە هەبوە. هەمو پرۆسەیەک بۆ نوێگەری لە ناوخۆیدا پشت بە دو توخم و ڕایەڵی سەرەکی دەبەستێت، ئەوانیش هزر و زمانن، ئەگەر هزر بەرهەمهێنەری گوتار بێت ئەوا زمانی دەربڕی ئەم گوتارەیە، هزری نوێگەرایی گەرەکیەتی شکست بەگوتاری باڵادەستی ڕابردو بێنێت، کە خۆی لە سایەی گوتاری مانەوەوە دەردەخات و ناتوانێت هاوشانی واقیعی نوێ بە ڕێگادا بڕوات (ئیسماعیل ٢٠٠٣، ١٥٨).

### ٣-١ بەها کۆمەڵایەتییەکانی شێوازی ژیان لە گوندنشینی و شارنشینیدا لە ڕوانگەی مۆدێرنیتەوە.

هەڵبژاردنی ژینگەی ژیان، یەکێکە لە پرسە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، کە بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی کاریگەری قوڵی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و کولتوری کۆمەڵگاکان هەبوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، دوانەی شار-گوند تەنها دو شوێنی جیاوازی نیشتەجێبون نین، بەڵکو دو دیدگا و شێوازی جیاوازی ژیانن کە هەریەکەیان سیستەمێکی تایبەت لە بەها، نۆرم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش دەکەن. بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بنەڕەتی لە پێکهێنانی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دو ژینگەیەدا هەیە. بەهاکانی وەک هاوکاری، پشتیوانی کۆمەڵایەتی، و چاودێری بەسەر یەکترەوە، لە کۆمەڵگای گوندنشیندا بەهێزترن. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵان و گواستنەوەی بەها کولتورییەکان هەیە. لە بەرامبەردا، ژیانی شار زیاتر لەسەر بنەمای تاکگەرایی و سەربەخۆیی تاکەکەسی دامەزراوە، کە ئەمەش بوەتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی پەروەردە و گواستنەوەی بەهاکان. شارنشینی هەر چەندە بە سیماکانی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و ئابوری و زانستی ناسراوە و دەرفەتی زیاتر لە گشت بوارەکان بۆ تاک دەڕەخسێ، بەڵام چڕی دانیشتوان لە شارەکاندا نامۆبون و بێهیوایی و گیانی تێکدەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت (معایتە ٢٠١٣، ٤١٤).

یەکێک لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان ئەم دو شێوازە ژیانە، پەیوەندی نێوان نەوەکانە. لە گونددا، منداڵان لەگەڵ باوک و باپیر و دایک و داپیریان دەژین و فێری بەها و نەریتە کۆنەکان دەبن. ئەمە وا دەکات کە کەلتور و شوناسی نەتەوەیی بەهێزتر بپارێزرێت. لە شاردا، خێزانە گەورەکان کەمترن و زۆربەی خێزانەکان بچوکن، ئەمەش کاریگەری لەسەر گواستنەوەی بەها کولتورییەکان هەیە. بە بۆچونی ئیبن خەلدون ؛ کاتێک گوندییەکان لە شار جێگیردەبن، ئەوە ناتوانن لەبەردەم هەنگاوەکانی ژیانی شارستانی بوەستن، نەریت و بەهاکانیان لە دەست دەدەن، چونکە ژینگەی شارنشینی پرۆسەیەکە کە هیچ دەرفەت و هەڵاتنی لێ نییە و تاک بە ناچاری دەچێتە ژێر باڵی و پەیڕەوی بەهاکانی دەکات (بەعلی ٢٠٠٦، ١٧٥). هەروەها لە سەردەمی هاوچەرخدا، تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، کاریگەرییان لەسەر هەردو جۆری خێزان و سیستەمی بەهاکان هەبوە. بە تایبەت لە شارەکاندا، خێزانەکان ڕوبەڕوی فشاری زیاتری کار و ژیانی ڕۆژانە دەبنەوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر کات و چۆنیەتی پەیوەندییە خێزانییەکان هەیە. لە گوندەکانیشدا، کاریگەری میدیای کۆمەڵایەتی

و گۆڕانکارییە ئابورییەکان، هەندێک لە بەها تەقلیدییەکانیان گۆڕیوە. هاوکات، شارنشینی دەرفەتی زیاتر بۆ پەروەردە و فێربون دەڕەخسێنێت. زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان لە شارەکاندان و لاوان دەتوانن بەئاسانی درێژە بە خوێندن بدەن. ئەمە وا دەکات کە نەوەی نوێ زیاتر کرانەوەیان هەبێت بەرەو بیرۆکە نوێیەکان و گۆڕانکارییەکان. لە گونددا، دەرفەتی خوێندنی باڵا کەمترە و زۆربەی لاوان ناچارن بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕو لە شار بکەن.

## ٢-٣ شارنشینی پرۆسەی گۆڕانکاری لەنێوان پێکهاتەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

گۆڕانکارییەکانی سەردەمی ئێستا کاریگەری هەمەچەشنیان لەسەر پێکهاتەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردوە. تەکنەلۆژیای نوێ و پلاتفۆڕمەکان، شێوازی پەیوەندی نێوان تاکەکانیان گۆڕیوە، بەجۆرێک کە زۆربەی کاتەکان لە جیاتی دیدار و دانیشتنی ڕاستەوخۆ، خەڵک لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە پەیوەندی دەکەن. لەلایەکی ترەوە، گۆڕانکارییەکانی سێکتەری ئابوری و زیادبونی ڕێژەی ڕەگەزی ئافرەتان لە بازاڕی کاردا، هاتنە پێش و دابەشکردنی ئەرکەکان کاریگەری بەرچاوی لەسەر پێکهاتەی خێزان هەبوە. خێزانی هاوچەرخ لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەرەو بچوک بونەوە دەچێت، هەروەها ڕۆڵی ئەندامانی خێزان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە. باوان هەردوکیان بەشداری لە پەروەردەی منداڵ و کاروبار و ئەرکەکانی ماڵەوە دەکەن. هەروەها پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر تەمەنی هاوسەرگیری و شێوازی هەڵبژاردنی هاوژین هەبوە. لاوان زیاتر گرنگی بە خوێندن و پێگەیاندنی خۆیان دەدەن پێش ئەوەی بیر لە دروستکردنی خێزان بکەنەوە. ئەمەش وایکردوە کە تەمەنی هاوسەرگیری بەرزببێتەوە و شێوازی هەڵبژاردنی هاوژین گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

## ٣-٣ بەها کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان

مۆدێرنیتە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ژینگەی شارنشینی، وەک بەهایەک لە کۆمەڵگای نوێخوازەکان دروست کردوە، یاخود هەندێک لە بیرمەندە سۆسیۆلۆژییەکان پێیانوایە مۆدێرنیتە دروستکەری ژینگەی شارنشینە، هەڵبەتە ئەم بەها کۆمەڵایەتییە مۆدێرنە هاتوانە (القیم الوافدة) تێکهەڵکێشیەک لەگەڵ کۆی پێداویستییەکانی ژیان دروستی دەکات بە هەردو لایەنی مادی و مەعنەوییەوە، ئەمەش ئەم گۆڕانەیە کە تاکەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان داوای دەکەن؛ بۆیە ئەم پرۆسە گۆڕانە مەعریفەیەکی کولتوری لای تاکەکان دروست دەکات بەپێی هزر و تێڕوانینان ماناداره؛ بۆیە هەمیشە ڕەوتی مۆدێرنە هاتوەکان وەک پرۆسەیەکی هەمیشەیی ناهاوسەنگ بەردەوامیەتی ڕەوتێکی چڕ و هەمەلایەنەی مێژویی و کلتوری دەبێت، کە شانبەشانی گۆڕان و پێشکەوتنەکان بەردەوامییەتی خۆی لە دەرکەوتە بنەڕەتییەکانی زمان و ئەدەب و هونەر و شێوازەکانی ژیاندا دەربخات. ئێمە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی جددی لەگەڵ ڕابردوی خۆماندا، پێویستمان بەوەیە بە سەر گرێکانی خۆ کەمبینی خۆماندا زاڵ بین و لەوەش تێبگەین کە پێشکەوتن مانای بنەبڕکردن ڕابردو نییە، بەڵکو ڕابردو خاڵی وەچەرخانی ئێمەیە. ئێمە دەشێت سەر لە نوێ ببینەوە بە خاوەنی ئەدەب و هونەر، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بۆ ماوەکانی ڕابردو بە هەمان میتۆد و نەهجی ڕۆژهەڵاتناسی و شوێنەوارناسی، خاکەڕۆ کۆبکەینەوە، بەڵکو بەو مانایە دێت سەر لە نوێ لێکیان بدەینەوە و مانایان پێ ببەخشینەوە و هۆشیارانە لە زمان و فکر و وێژە و هونەردا ماک و توخمە زیندوەکانیان بە کاربهێنینەوە (ئاشووری ٢٠٢٠، ٢٩).

## ٤-٣ نوێگەرایی لە ژێرخانی بیناسازی و گەشەی نیشتەجێبون

نیشتەجێبون تەنها چوارچێوەیەکی فیزیکی نییە بۆ ژیان، بەڵکو فاکتەرێکی کاریگەرە لە داڕشتنی بەهاکان و شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. جۆری ئەو شوێنەی تێیدا دەژین، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر شێوازی ژیان، هەڵسوکەوت و کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی کە بۆ نەوەکانی داهاتو دەگوازرێنەوە.

١-گۆڕانی شێوازی نیشتەجێبون لە خانوی ئاسۆییەوە بۆ باڵەخانە؛ بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا، کاریگەری قوڵی هەبوە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان. نیشتەجێبونی ستونی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندی بە گەشەکردنی تاکگەرایی و لاوازبونی بەها نەریتییەکانەوە هەیە. تاک لە نشینگەی باڵەخانە(هەرەمی) بەرز و قەرەباڵغدا، لە ڕوی فیزیکییەوە لەگەڵ دەیان و سەدان کەسی دیکەدا دەژی، بەڵام لە روی کۆمەڵایەتییەوە دورە لێیان. (مصطفی، ٢٠٢٣، ٢٤٦) گومانی تێدانییە پەیوەندی دراوسێیەتی لە باڵەخانەدا کەمترە بە بەراورد لەگەڵ گەڕەکە تاک خێزانییەکان. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەک هاوکاری، پشتیوانی کۆمەڵایەتی، و هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگا هەیە. لە نیشتەجێبونی ستونیدا، تاک زیاتر پشت بە خۆی دەبەستێت و کەمتر پەنا دەباتە بەر هاوکاری دراوسێ و ئەندامانی کۆمەڵگا. ئەمەش بوەتە هۆی کەمبونەوەی هەستی هاوبەش و هاوپشتی کۆمەڵایەتی. نیشتەجێبونی هەرەمی کاریگەری بەرچاوی لەسەر پێکهاتەی خێزان و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوە. لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا، خێزانی فراوان (چەند نەوەیی) زۆرتر بو، بەڵام لەگەڵ بڵاوبونەوەی نیشتەجێبونی ستونیدا، خێزانی ناوەکی تەنانەت تاکەکەسی زیاتر بڵاو بوەتەوە. لە شارە مۆدێرنەکاندا رێژەی نیشتەجێبونی تاکەکەسی بەردەوام لە زیادبونە، ئەمەش پەیوەندی بە گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. ئەمڕۆ سەربەخۆیی تاکەکەسی بایەخێکی زیاتری هەیە لە پاراستنی پەیوەندییە خێزانییە فراوانەکان (العزاوی ١٩٩٩، ٩٣).

## ٣-٥- گۆڕانی بەهای بازرگانی و ژینگەیی و کاریگەری لەسەر تاکی خێزانی کوردی

پرۆسەی شارنشینی و نوێگەرایی لە کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەت لە شاری هەولێر، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بەدیهاتوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو بوارانەی کە کەوتوەتە ژێر کاریگەری ئەم گۆڕانکارییە، سیستەمی بازرگانی و شێوازی بەکاربردن لەناو خێزانی کوردیدایە. گەشەی بازرگانی و دەرکەوتنی مۆدێلی نوێی بازاڕکردن وەک مۆڵ و هایپەرمارکێت، تەنها گۆڕانێکی ڕوکەش نییە لە ژێرخانی ئابوری، بەڵکو گۆڕانێکی قوڵی کۆمەڵایەتی و کولتوریشە، کە کاریگەری لەسەر بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی کوردی هەیە.

## ٤- چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

### ١-٤ . میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرخستنی ڕۆڵی شارنشینی لە نوێگەرایی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە خێزانی کوردیدا میتۆدی چەندایەتیمان بەکارهێناوە(Quantitative method)بە بەکارهێنانی ئامرازی پرسیارنامە.

### ٤-٢-کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە، هەمو پێکهاتە و یەکەکانی دیاردەیەك دەگرێتەوە، کە توێژینەوەی لە بارەوە ئەنجام دەدرێت، گروپێك یان دیاردەیەکە توێژەر ئەنجامەکانی بەسەردا دەگشتێنێت(عیشور ٢٠١٧، ٢٦٥). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خێزانەکانی شاری هەولێر.

### ٤-٣ نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە چینایەتی مەبەستدار، کە لە شاری هەولێر (١٣) گەڕەک بەشێوەی مەبەست دەستنیشان کران لە هەر سی چینی (هەژار، مامناوەند، دەوڵەمەند). بە پێی ئاستی بژێوی و نرخی یەکەکانی نیشتەجێبون ئەو گەڕەکانە دەستنیشان کراون.

### ٤-٤ بوارەکانی توێژینەوەکە:

١- بواری شوێنی: ناوەندی شاری هەولێر.

٢- بواری مرۆیی: خێزانەکانی ناو شاری هەولێر.
٣- بواری کاتی: ٢٠٢٥/٤/١٥ تا ١٥-٦-٢٠٢٥.

**٤-٥ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:** پێکهاتبو لە پرسیارنامەیەک کە (٤٨) بڕگەی لە خۆگرتبو، بەسەر (٣٩٠)لێتوێژراو لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر دابەشکرا.

**٤-٦ ڕاستێتی ئامراز:** بریتی بو لە (٨٦,٢٢٪).

**٤-٧ جێگیری ئامراز:** لە ڕێگای ئەلفای کرۆنباخ جێگیری برگەکان بریتی بو لە (٠,٧٧١).

**٤-٨ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان:** (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، کای سکوێر، کرامەر-ڤی)، لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

**٥- خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:.**

٥-١ خستنەڕو و شیکردنەوەی خەسڵەتە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

١-ڕەگەز:. خشتەی(٥-١)تەمەنی لێتوێژراوان ڕوندەکاتەوە

| ز | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٢٧٢ | ٪٦٩,٧ |
| ٢ | مێ | ١١٨ | ٪٣٠,٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

خشتەی (٥-١) بە ڕونی دەریدەخات کە زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوە لە ڕەگەزی (نێر)ن بە ڕێژەی (٦٩,٧٪)، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) ڕێژەی (٣٠,٣٪)ی نمونەکە پێکدەهێنن. ئەم دابەشبونە ناهاوسەنگە ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ ئاسانتر دەستگەیشتن بە یەکەکانی توێژینەوەی نێر لە کایە گشتییەکاندا، یان ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە بێت کە پیاوان زیاتر وەک سەرۆکی خێزان و بڕیاردەر لە پرسە گشتییەکاندا دەردەکەون.

٢-تەمەن: خشتەی(٥-٢) تەمەنی لێتوێژراوان ڕوندەکاتەوە

| ز | تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی (%) |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٢-٢٩ | ٤٢ | ٪١٠,٨ |
| ٢ | ٣٠-٣٧ | ١٢٦ | ٪٣٢,٣ |
| ٣ | ٣٨-٤٥ | ١١٥ | ٪٢٩,٥ |
| ٤ | ٤٦-٥٣ | ٦٠ | ٪١٥,٤ |
| ٥ | ٥٤-٦١ | ٣١ | ٪٧,٩ |
| ٦ | ٦٢-+ | ١٦ | ٤,١ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٥-٢) بەرزترین ڕێژەی یەکەکانی توێژینەوە دەکەونە پۆلی تەمەنی (٣٠-٣٧ ساڵ) بە ڕێژەی (٣٢,٣٪)، دوای ئەویش پۆلی تەمەنی (٣٨-٤٤ ساڵ) دێت بە ڕێژەی (٢٩,٥٪). ئەم دو پۆلە پێکەوە زیاتر لە نیوەی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن (٦١,٨٪)، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوە لە تەمەنی پێگەیشتویی و ناوەڕاستدان. لەگەڵ زیادبونی تەمەن، ڕێژەی بەشداری کەم دەبێتەوە، بەجۆرێک کە کەمترین ڕێژە لە پۆلی تەمەنی (٦٢ ساڵ و بەرەو سەرەوە)دایە بە (٤,١٪).

٣-باری کۆمەڵایەتی خشتەی (٥-٣) باری کۆمەڵایەتی لێتوێژراوان ڕوندەکاتەوە

| ز | باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | سەڵت | ٩ | ٪٢,٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | خێزاندار | ٣٦٦ | ٪٩٣,٨ |
| ٣ | تاک مردو | ٩ | ٪٢,٣ |
| ٤ | جیابوەوە | ٦ | ٪١,٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٥-٣) بە شێوەیەکی زۆر ڕون دەریدەخات، کە زۆرینەی ڕەهای یەکەکانی توێژینەوە (٪٩٣,٨) خێزاندارن. ڕێژەی پۆلێنەکانی تر (سەڵت، تاک مردو، جیابوەوە) زۆر کەمن و پێکەوە تەنها (٪٦,٢)ی نمونەکە پێکدەهێنن.

٤- ژمارەی ئەندامانی خێزان:

خشتەی (٥-٤) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزان ڕوندەکاتەوە

| ز | ژمارەی ئەندامان | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٢٧ | ٪٦,٩ | ٤,٧١ | ١,٥٩١ |
| ٢ | ٣ | ٦٤ | ٪١٦,٤ | | |
| ٣ | ٤ | ٩٩ | ٪٢٥,٤ | | |
| ٤ | ٥ | ٨٣ | ٪٢١,٣ | | |
| ٥ | ٦ | ٧١ | ٪١٨,٢ | | |
| ٦ | ٧ | ٢٣ | ٪٥,٩ | | |
| ٧ | ٨ | ١٧ | ٪٤,٤ | | |
| ٨ | ٩ | ٥ | ٪١,٣ | | |
| ٩ | ١٠ | ١ | ٪٠,٣ | | |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ | | |

لە خشتەی (٥-٤) دەریدەخەن کە زۆرترین ڕێژەی خێزانەکان لە ٤ ئەندام پێکدێن بە ڕێژەی (٪٢٥,٤)، دوای ئەویش ٥ ئەندام بە ڕێژەی (٪٢١,٣) و (٣) ئەندام بە ڕێژەی (٪١٦,٤). ئەگەر خێزانەکانی نێوان (٣ بۆ ٦) ئەندام کۆبکەینەوە، دەبینین (٪٨١,٣)ی کۆی نمونەکە پێکدەهێنن. ناوەندی ژمێرەیی قەبارەی خێزان بریتییە لە (٤,٧١). ئەمە ئاماژەیەکی ڕونە بۆ ئەوەی کە مۆدێلی زاڵی خێزان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، خێزانی ناوکییە (دایک و باوک و ٢ بۆ ٤ منداڵ).

٥- گەڕەک:.

خشتەی (٥-٥) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی گەڕەکی نیشتەجێبون ڕوندەکاتەوە

| ز | گەڕەک | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | گلکەند | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٢ | شاری خەونەکان | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٣ | پارک ڤیو | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٤ | گوندی ئینگلیزی | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٥ | کارێزان | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٦ | بەهار | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٧ | برایەتی | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٨ | سێتاقان | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ٩ | شوقەکانی هانا ستی | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ١٠ | هەڤالان | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ١١ | ئیتاڵی ٢ | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ١٢ | باداوە | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| ١٣ | شاری مامۆستایان | ٣٠ | ٪٧,٧ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

خشتەی (٥-٥) دەریدەخات، کە توێژەر بە مەبەست نمونەیەکی هاوسەنگی لە گەڕەکە جیاوازەکان وەرگرتوە. هەر یەک لە ١٣ گەڕەکەکە ڕێژەی (٧,٧٪)ی نمونەکەیان پێکهێناوە. ئەم دابەشکردنە بە مەبەستە (purposive sampling) بۆ ئەوەیە کە بتوانرێت کاریگەری ژینگەی فیزیکی و کۆمەڵایەتی گەڕەک لەسەر بەهاکانی خێزان بپێورێت. گەڕەکەکان جۆراوجۆرن، لە گەڕەکە کۆن و میللییەکانی وەک (باداوە، برایەتی، کارێزان)ەوە بگرە تا دەگاتە گەڕەکە نوێ و مۆدێرن و کۆمەڵگا نیشتەجێبوەکان (gated communities) وەک(گوندی ئینگلیزی، شاری خەونەکان، ئیتالی٢).

٦- پیشە: خشتەی (٥-٦) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی پیشە ڕوندەکاتەوە

| ز | پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | کاری ئازاد | ١٥٥ | ٪٣٩,٧ |
| ٢ | فەرمانبەر | ١٣٣ | ٪٣٤,١ |
| ٣ | هێزی ئەمنی | ١٥ | ٪٣,٨ |
| ٤ | مامۆستا | ٤٦ | ٪١١,٨ |
| ٥ | ژنی ماڵەوە | ٤١ | ٪١٠,٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٥-٦)دا دەبینین کە زۆرترین ڕێژەی یەکەکانی توێژینەوە پیشەیان (کاری ئازاد)ە بە ڕێژەی (٣٩,٧٪)، دوای ئەویش (فەرمانبەر) دێت بە ڕێژەی (٣٤,١٪). ئەم دو پۆلە پێکەوە نزیکەی سێ چارەکی نمونەکە پێکدەهێنن (٧٣,٨٪). هەروەها ڕێژەی (مامۆستا) و (ژنی ماڵەوە) بەرچاون بە ڕێژەی (١١,٨٪) و (١٠,٥٪) لەسەر یەک.

٧- ئاستی بژێوی(داهاتی خێزان):.

خشتەی (٥-٧) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی ئاستی بژێوی ڕوندەکاتەوە

| ز | پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | هەژار | ٨٧ | ٪٢٢,٣ |
| ٢ | مامناوەند | ٢٩٥ | ٪٧٥,٦ |
| ٣ | دەوڵەمەند | ٨ | ٪٢,١ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

خشتەی (٥-٧) نیشانی دەدات، کە زۆرینەیەکی ڕەهای یەکەکانی توێژینەوە (٧٥,٦٪) ئاستی بژێویان مامناوەندە. ڕێژەی (٢٢,٣٪) خۆیان وەک چینی هەژار پۆلێن کردوە، لە کاتێکدا تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم (٢,١٪) خۆیان بە دەوڵەمەند داناوە.

٨ -جۆری نیشتەجێبون:

خشتەی (٥-٨) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی جۆری نیشتەجێبون ڕوندەکاتەوە

| ز | پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | موڵک | ٢٩٥ | ٪٧٥,٦ |
| ٢ | کرێ | ٩٤ | ٪٢٤,١ |
| ٣ | حکومی | ١ | ٪٠,٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥-٨) دەریدەخەن کە سێ چارەکی یەکەکانی توێژینەوە (٧٥,٦٪) خاوەنی موڵکی خۆیانن، لە کاتێکدا نزیکەی چارەکێکیان (٢٤,١٪) لە خانوی کرێدا نیشتەجێن.

٩-شێوازی نیشتەجێبون:

خشتەی (٥-٩) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی شێوازی نیشتەجێبون ڕوندەکاتەوە

| ز | پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|---|
| ١ | خانو | ٣١٠ | ٪٧٥,٦ |
| ٢ | شوقە | ٨٠ | ٪٢٠,٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥-٩) دەریدەخەن، کە هێشتا زۆرینەی ڕەهای یەکەکانی توێژینەوە (٪٧٩,٥) لە "خانو"ی سەربەخۆدا نیشتەجێن. ڕێژەی نیشتەجێبون لە "شوقە"دا (٪٢٠,٥) بەرچاوە و نزیکەی یەک لە هەر پێنج کەس پێکدەهێنێت.

١٠-ئاستی خوێندەواری:

خشتەی (٥-١٠) دابەشبونی یەکەکانی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندەواری ڕوندەکاتەوە

| ز | ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نەخوێندەوار | ٢٢ | ٪٥,٦ |
| ٢ | دەخوێنێت و دەنوسێت | ٤٧ | ٪١٢,١ |
| ٣ | بنەڕەتی | ٤٢ | ٪١٠,٨ |
| ٤ | ئامادەیی | ٤١ | ٪١٠,٥ |
| ٥ | دبلۆم | ٧٦ | ٪١٩,٥ |
| ٦ | بکالۆریۆس | ١٤٠ | ٪٣٥,٩ |
| ٧ | خوێندنی باڵا | ٢٢ | ٥,٦ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ١٠٠ |

خشتەی (٥-١٠) ئاستێکی خوێندەواریی بەرزی نمونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات. بەرزترین ڕێژە هی هەڵگرانی بڕوانامەی "بەکالۆریۆس"ە بە (٪٣٥,٩)، دوای ئەویش "دبلۆم" بە (٪١٩,٥). ئەگەر هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم و بەرزتر کۆبکەینەوە، دەبینین (٪٦١)ی نمونەکە پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، ڕێژەی "نەخوێندەوار" تەنها (٪٥,٦)یە.

**٢-٥ خستنەڕو شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:.**

**١-٢-٥ دۆزینەوەی ئاستی هاریکاریی تاکەکان بەرامبەر بەرەوپێشخستنی بەها مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:.**

١١-پەیوەندیی نێوان ئاستی خوێندەواری و هەڵوێست بەرامبەر خوێندنی تێکەڵاو:.

پەروەردەی تێکەڵاو یەکێکە لە نیشانە سەرەکییەکانی نوێگەرایی لە سیستەمی پەروەردەدا و ڕاستەوخۆ بەرەنگاری نەریتی جیاکردنەوەی ڕەگەزی دەبێتەوە. هەڵوێست بەرامبەر ئەم پرسە، ئاستی کراوەیی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی تێڕوانین بۆ پەیوەندی نێوان هەردو ڕەگەزەکە دەردەخات.

خشتەی (٥-١١) پەیوەندیی نێوان ئاستی خوێندەواری و هەڵوێست بەرامبەر خوێندنی تێکەڵاو ڕوندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٧٥ | ٪٧٠,٥ |
| نەخێر | ١١٥ | ٪٢٩,٥ |
| کۆی گشتی | ٣٩٠ | ٪١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥-١١) بە ڕونی دەریدەخەن کە زۆرینەیەکی بەرچاو و نزیک لە (٪٧١)ی یەکەکانی توێژینەوە بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و خوێندنی تێکەڵاویان بە ئاسایی وەرگرتوە. لە بەرامبەردا، نزیکەی یەک لە هەر سێ کەس و بەرێژەی (٪٢٩,٥) بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە و ئەم شێوازە خوێندنە ڕەتدەکەنەوە.

ئەم ئەنجامە ئاماژەیەکی زۆر بەهێزە بۆ گۆڕانکارییەکی قوڵ لە بەها کۆمەڵایەتییەکاندا. قبوڵکردنی خوێندنی تێکەڵاو بەم ڕێژە بەرزە، نیشانەی لاوازبونی ئەو بەها نەریتیانەیە کە جەختیان لەسەر جیاکردنەوەی ڕەگەزیی توند دەکردەوە. لە ڕوانگەی سیگمۆن باومانەوە، ئەمە نیشانەی "شل" بونی یەکێک لە "ڕەقترین" بەهاکانی کۆمەڵگەی نەریتییە. ئەو (٢٩,٥٪)ەی کە هێشتا ڕەتی دەکەنەوە، نوێنەرایەتی ئەو بەشەی کۆمەڵگە دەکەن کە هێشتا لەژێر کاریگەریی بەها "ڕەق"ەکاندا ماونەتەوە و لە "ناکۆکیی نێوان نەوەکان"دا لایەنی پارێزگار دەگرن.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان (ئاستی خوێندەواری قبوڵکردنی خوێندنی تێکەڵاو)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی(کا²) بە بەهای (٣٦,٢٩٨) و بە ئاستی دەلالەت(٠,٠٠٠) بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئاماژەدارە، ئەمەش بە واتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (ئاستی خوێندەواری و قبوڵکردنی خوێندنی تێکەڵاو)هەیە. بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دو گۆڕاوە سودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتوە، کە بەهای (کرامەر) بریتی بو لە (٠,٢١٦)، ئەمەش بە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەو دو گۆڕاوە دادەنرێت.

قبوڵکردنی خوێندنی تێکەڵاو تەنها گۆڕانێکی پەروەردەیی نییە، بەڵکو دەرگایەک بە ڕوی گۆڕانکاریی فراوانتردا دەکاتەوە لە شێوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان نێر و مێ لە داهاتودا. ئەمە ڕاستەوخۆ خزمەت بە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە دەکات، چونکە ئاستێکی بەرزی "هاریکاری بەرامبەر بەها مۆدێرنەکان" نیشان دەدات.

١٢ - پەیوەندیی نێوان تەمەن و دەستهەڵگرتن لە نەریتی کۆن:.

ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ دادەچێتە نێو کرۆکی ململانێی نێوان نەریت و نوێگەرایی. ئامادەیی تاک بۆ وازهێنان لە نەریتەکان، پێوەری سەرەکیی نەرمی (flexibility) و توانای گونجانیەتی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا.

خشتەی (٥-١٢) پەیوەندیی نێوان تەمەن و دەستهەڵگرتن لە نەریتی کۆن ڕوندەکاتەوە

| | وەڵامەکان | ژمارە | (%) |
|---|---|---|---|
| ٢٢-٢٩ | بەڵێ | ١٠ | ٢,٦٪ |
| | تاڕادەیەک | ٢١ | ٥,٤٪ |
| | نەخێر | ١١ | ٢,٨٪ |
| کۆی تەمەن ٢٢-٢٩ | | ٤٢ | ١٠,٨٪ |
| ٣٠-٣٧ | بەڵێ | ٤٠ | ١٠,٣٪ |
| | تاڕادەیەک | ٧١ | ١٨,٢٪ |
| | نەخێر | ١٥ | ٣,٨٪ |
| کۆی تەمەن ٣٠-٣٧ | | ١٢٦ | ٣٢,٣٪ |
| ٣٨-٤٤ | بەڵێ | ٣٥ | ٩٪ |
| | تاڕادەیەک | ٦٦ | ١٦,٩٪ |
| | نەخێر | ١٤ | ٣,٦٪ |
| کۆی تەمەن ٣٨-٤٤ | | ٤٢ | ١٠,٨٪ |
| ٤٥-٥٢ | بەڵێ | ٢٥ | ٦,٤٪ |
| | تاڕادەیەک | ٢٨ | ٧,٢٪ |
| | نەخێر | ٧ | ١,٨٪ |
| کۆی تەمەن ٤٥-٥٢ | | ٦٠ | ١٥,٤٪ |
| ٥٣-٦٠ | بەڵێ | ٩ | ١٢,١٪ |
| | تاڕادەیەک | ٢٠ | ٦,٤٪ |
| | نەخێر | ٢ | ١٪ |
| کۆی ٥٣-٦٠ | | ٧٦ | ١٩,٥٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| + ٦١ | بەڵێ | ٥ | ٪١,٣ |
| | تاڕادەیەک | ٥ | ٪١,٣ |
| | نەخێر | ٦ | ٪١,٥ |
| کۆی ٦١ + | | ١٦ | ٪٤,١ |
| | کۆی گشتی | ٣٩٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٥-١٢) دەریدەخات، کە زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوە بە نزیکەی ڕێژەی (٥٥٪) بە (تاڕادەیەک) ئامادەن دەست لە نەریتە کۆنەکان هەڵبگرن. ئەگەر وەڵامی (بەڵێ) و (تاڕادەیەک) کۆبکەینەوە، دەبینین ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو نزیک لە ڕێژەی (٨٦٪) بە شێوەیەکی گشتی ئامادەیی گۆڕانیان تێدایە. تەنها ڕێژەیەکی کەم بە نزیکەی ڕێژەی(١٥٪) بە تەواوی ڕەتی دەکەنەوە دەستبەرداری نەریتەکان بن. هەروەها لە زۆربەی پۆلێنە تەمەنییەکاندا وەڵامی "تاڕادەیەک" باڵادەستە.

ئەم ئەنجامانە وێنەیەکی ئاڵۆزتر بەڵام واقیعیتر لە پرسیاری پێشو نیشان دەدەن. زاڵبونی وەڵامی (تاڕادەیەک) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرۆسەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا پرۆسەیەکی ڕەها نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی "هەڵبژاردن و گونجاندن"ە. خەڵک بە تەواوی پشت لە نەریتەکان ناکەن، بەڵکو هەوڵدەدەن هاوسەنگییەک لەنێوان پاراستنی هەندێک لایەنی شوناس و گونجان لەگەڵ سەردەمدا دروست بکەن. ئەمە لەگەڵ تێڕوانینەکانی تیۆری نەوەییدا یەکدەگرێتەوە، کە تێیدا نەوەی ناوەڕاست (کە زۆرینەی نمونەکەن) هەوڵدەدەن وەک "پرد"ێک بن لەنێوان بەهاکانی نەوەی کۆن و داواکارییەکانی نەوەی نوێدا. لە ڕوانگەی سیگمۆن باومانەوە، ئەم دۆخە ڕێک وەسفی ژیانە لە "کۆمەڵگەی شل"دا، کە تێیدا تاکەکان بەردەوام لە حاڵەتی دانوستان و دوبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی خۆیاندان. ئەوان ناتوانن بە تەواوی "ڕەق" بن و لەسەر هەمو شتە کۆنەکان بمێننەوە، و ناتوانن بە تەواوی "شل" بن و هەمو شتێک فڕێ بدەن. توێژینەوەکەی (مافیۆلی و هاوکارانی، ٢٠٠٧) لە ئەفریقا کە باسی "دینامیکیەتی خێزان" و "نوێکردنەوە"ی دەکرد، لێرەدا دەبینین کە نوێکردنەوەکە بە مانای سڕینەوەی تەواوی کۆن نییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان (تەمەن و دەستهەڵگرتن لە نەریت)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی(کا٢) بە بەهای (١٨,٩١٨) و بە ئاستی دەلالەت(٠,٠٤١) بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بە واتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (تەمەن و دەستهەڵگرتن لە نەریت)هەیە. بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دو گۆڕاوە سودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتوە، کە بەهای (کرامەر) بریتی بو لە (٠,١٥٦)، ئەمەش بە پەیوەندییەکی نیمچە لاوازی لە نێوان ئەو دو گۆڕاوە دادەنرێت.

زاڵبونی وەڵامی "تاڕادەیەک" ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی "هەڵبژاردن و گونجاندن". ئەمە لەگەڵ تێڕوانینی تیۆری نەوەییدا یەکدەگرێتەوە، کە تێیدا نەوەی ناوەڕاست وەک "پرد"ێک کاردەکەن. پەیوەندییە ماناداره‌کە لەگەڵ تەمەندا ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە؛ نەوەی کۆنتر کەمێک پارێزگارترن. ئەم دۆخە ڕێک وەسفی ژیانە لە "کۆمەڵگەی شل"ی باوماندا.

## ٥-٢-٢ دەرخستنی بەها هاتوەکان و کاریگەرییەکانی ژینگەی شارنشینی و پەیوەندی بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا

ئەم تەوەرەیە لە لایەنی تیۆرییەوە دادەچێتە نێو کرۆکی کاریگەرییەکانی شارنشینی، وەک ئەوەی لەلایەن بیرمەندانی وەک لویس وێرث و جۆرج زیمێلەوە باسکراوە. پرسیارەکان هەوڵدەدەن ئەو گۆڕانکارییە بەرجەستانە بپێون کە ژیانی شار لەسەر قەبارەی خێزان، پەیوەندی خزمایەتی، پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان، و ڕێزگرتن لە بەتەمەنەکاندا دروستی کردوە.

١٣-پەیوەندیی نێوان ئاستی بژێوی و ناچاربون بە سنوردارکردنی وەچەخستنەوە:

ئەم شیکارییە هەوڵدەدات بزانێت ئایا فشاری ئابوری (کە لە ئاستی بژێویدا ڕەنگدەداتەوە) هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو "ناچاری"یەی کە خێزانەکان هەستی پێدەکەن لە سنوردارکردنی منداڵبوندا.

خشتەی (٥-١٣) پەیوەندیی نێوان ئاستی بژێوی و ناچاربون بە سنوردارکردنی وەچەخستنەوە ڕوندەکاتەوە

| ئاستی بژێوی | وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| هەژار | بەڵێ | ٥٠ | ٪١٢,٨ |
| | تاڕادەیەک | ٢٨ | ٪٧,٢ |
| | نەخێر | ٩ | ٪٢,٣ |
| کۆی هەژار | | ٨٧ | ٪٢٢,٣ |
| مامناوەند | بەڵێ | ١٢٦ | ٪٣٢,٣ |
| | تاڕادەیەک | ٨٤ | ٪٢١,٥ |
| | نەخێر | ٨٥ | ٪٢١,٨ |
| کۆی مامناوەند | | ٢٩٥ | ٪٧٥,٦ |
| دەوڵەمەند | بەڵێ | ٤ | ٪١ |
| | تاڕادەیەک | ١ | ٪٠,٣ |
| | نەخێر | ٣ | ٪٠,٨ |
| کۆی دەوڵەمەند | | ٨ | ٪٢,١ |
| کۆی گشتی | | ٣٩٠ | ٪١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥-١٣) نیشانی دەدەن کە زۆرینەیەکی بەرچاو (٤٦,٢٪ بەڵێ + ٢٩٪ تاڕادەیەک =٧٥,٢٪) باوەڕیان وایە کە ژیانی شار هۆکاری سەرەکی بوە لە سنوردارکردنی منداڵبونیاندا. نزیکەی نیوەی نمونەکە (٤٦,٢٪) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ دودڵی دان بەم "ناچاری"یەدا دەنێن. تەنها چارەکێکی یەکەکانی توێژینەوە (٢٤,٩٪) پێیان وانییە ژیانی شار کاریگەری هەبوبێت، هەروەها خشتەکە ڕەوتێکی سەرنجڕاکێش نیشان دەدات. چینی هەژار بەرزترین ڕێژەی هەستکردن بە "ناچاری"یان هەیە (٥٧,٥٪ بەڵێ). لە بەرامبەردا، چینی مامناوەند، هەرچەندە هێشتا ڕێژەیەکی بەرزیان هەیە، بەڵام ڕێژەی ڕەتکردنەوەشیان ("نەخێر") بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە (٢٨,٨٪) بە بەراورد بە چینی هەژار (١٠,٣٪).

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان (پەیوەندیی نێوان ئاستی بژێوی و سنوردارکردنی وەچەخستنەوە)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا$^{2}$) بە بەهای (١٤,٠١٩) و بە نمرەی ئازادی(٤) و بە ئاستی دەلالەت(٠,٠٠٧) بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بە واتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (پەیوەندیی نێوان ئاستی بژێوی و سنوردارکردنی وەچەخستنەوە) هەیە. بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دو گۆڕاوە سودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتوە، کە بەهای (کرامەر) بریتی بو لە (٠,١٣٤)، ئەمەش بە پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان ئەو دو گۆڕاوە دادەنرێت.

پەیوەندییە مانادارەکە دەیسەلمێنێت کە فشاری ئابوری ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی هەیە لە بڕیاری منداڵبوندا. ئەمە بە تەواوی لەگەڵ تێزەکانی جۆرج زیمێل سەبارەت بە "عەقڵانییەتی ژمێریاری" ژیانی شاردا دەگونجێت. خێزانەکان بە وردی "حیسابی" توانای ئابوریی خۆیان دەکەن. چینی هەژار، بەهۆی کەمیی دەرامەتەوە، زیاتر هەست بەم "ناچاری"یە دەکەن.

ئەم ئەنجامە بە ڕونی دەریدەخات کە چۆن پێکهاتەی ئابوریی شار کاریگەری لەسەر یەکێک لە بنەڕەتیترین بڕیارەکانی خێزان دادەنێت. ئەمە بەشێکی سەرەکییە لە ئامانجی دوەم، کە دەیەوێت کاریگەرییە کردارییەکانی ژیانی شار دەربخات.

١٤-پەیوەندیی نێوان تەمەن و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی شار:.

ئەم پرسیارە ئاستی تێکەڵاوبونی تاک لەگەڵ ژیانی گشتی و کولتوریی شاردا دەپێوێت. لێرەدا دەبینین ئایا تەمەن و جیاوازیی نەوەکان کاریگەری لەسەر ئەم ڕەفتارە هەیە

خشتەی (٥-١٤) پەیوەندیی نێوان تەمەن و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨٥ | ٪٤٧,٤ |
| تاڕادەیەک | ١٥١ | ٪٣٨,٧ |
| نەخێر | ٥٤ | ٪١٣,٨ |
| کۆی گشتی | ٣٩٠ | 100% |

خشتەی (٥-١٤) ئاستێکی بەرزی بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیی شاردا نیشان دەدات. زۆرینەیەکی ڕەها (٪٤٧,٤ بەڵێ + ٪٣٨,٧ تاڕادەیەک=٪٨٦,١) بەشداری لەم چالاکیيانەدا دەکەن. تەنها ڕێژەیەکی کەم (٪١٣,٨) خۆیان لەم چالاکییانە بەدور دەگرن.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان (تەمەن و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی شار)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا٢) بە بەهای (١٩,٨٧٥) و بە نمرەی ئازادی(١٠) و بە ئاستی دەلالەت(٠,١٦٠) بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بە واتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (تەمەن و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی شار) هەیە. بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دوگۆڕاوە سودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتوە، کە بەهای (کرامەر) بریتی بو لە (٠,٠٣١)، ئەمەش بە پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان ئەو دوگۆڕاوە دادەنرێت. پەیوەندییە ماناداره‌کە دەریدەخات کە هەرچەندە بەشداریکردن گشتگیرە، بەڵام جیاوازییەک لەنێوان نەوەکاندا هەیە. چاوەڕوان دەکرێت نەوەی گەنجتر زیاتر بەشداری لە چالاکییە نوێیەکانی شاردا بکەن (وەک فێستیڤاڵ و کۆنسێرت)، لە کاتێکدا نەوەی کۆنتر لەوانەیە زیاتر بەشداری لە بۆنە نەریتییەکاندا بکەن.

**٥-٢-٤ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری شارنشینیی تاکەکان لەگەڵ پێشکەوتنی ژینگەی شارنشینی**

ئەم تەوەرەیە دادەچێتە نێو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و ئەو هەڵبژاردن و ڕەفتارانە دەپشکنێت کە نیشانەی وەرگرتن و پراکتیزەکردنی "کولتوری شار(Urban Culture) "ن. پرسیارەکان لایەنە جیاوازەکانی وەک شێوازی نیشتەجێبون، جوانکاریی ماڵ، شێوازی بازاڕکردن، کاتبەسەربردن، خواردن، گرنگیدان بە تەندروستی و جوانی، و لایەنە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی تاگەرایی دەگرنەوە.

١٥-پەیوەندیی نێوان کاریگەریی سۆشیال میدیا و گرنگیدان بە خواردنی خێرا:.

ئەم شیکارییە پەیوەندیی نێوان دو ڕەفتاری مۆدێرن دەپشکنێت بۆ دۆزینەوەی "شێوازێکی ژیان"ی دیاریکراو.

خشتەی (٥-١٥) کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر بڕیاری کڕین ڕوندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٢ | ٪٢٦,٢ |
| تاڕادەیەک | ١٥٢ | ٪٣٩ |
| نەخێر | ١٣٦ | ٪٣٤,٩ |
| کۆی گشتی | ٣٩٠ | 100% |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥-١٥) دابەشبونێکی بەرچاو نیشان دەدەن. زۆرینە (٢٦,٢٪ بەڵێ + ٣٩٪ تاڕادەیەک=٦٥,٢٪) دان بەوەدا دەنێن کە سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕینەکانیان هەیە. لە بەرامبەردا، زیاتر لە سێیەکی نمونەکە (٣٤,٩٪) ئەم کاریگەرییە ڕەتدەکەنەوە.

ئەم ئەنجامە نیشانەی گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە میکانیزمەکانی ڕیکلامدا. پەیوەندییە زۆر بەهێزەکە، بەڵگەیەکی نایابە بۆ بونی "شێوازی ژیانی شارنشینی(Urban Lifestyles) "؛ ئەوکەسانەی زیاتر لەژێر کاریگەریی سۆشیال میدیادان، هەمان ئەوانەن کە زیاتر مەیلیان بۆ بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە مۆدێرنەکانی وەک خواردنی خێرایە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان (کاریگەری سۆشیال میدیا و خواردنی خێرا)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا٢) بە بەهای (٨٦,٦٦٩) و بە نمرەی ئازادی(٤) و بە ئاستی دەلالەت(٠,٠٠٠) بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بە واتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (کاریگەری سۆشیال میدیا و خواردنی خێرا) هەیە. بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دو گۆڕاوە سودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتوە، کە بەهای (کرامەر) بریتی بو لە (٠,٣٣٣)، ئەمەش بە پەیوەندییەکی مامناوەند بۆ بەهێز لە نێوان ئەو دو گۆڕاوە دادەنرێت.

دۆزینەوەی پەیوەندییەکی وا بەهێز لەنێوان دو ڕەفتاری مۆدێرندا ڕاستەوخۆ ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە دەپێکێت.

١٦- پەیوەندیی نێوان پۆلێنی گەڕەک و گرنگیدان بە خواردنی خێرا

خواردنی خێرا یەکێکە لە دیاردەکانی کولتوری بەرخۆریی جیهانی. لێرەدا دەپشکنین کە ئایا جۆری ژینگەی نیشتەجێبون (گەڕەکە کۆن، نوێ، یان مۆدێرنەکان) کاریگەری لەسەر مەیلی تاکەکان بۆ خواردنی خێرا هەیە.

خشتەی (٥-١٦) پەیوەندیی نێوان پۆلێنی گەڕەک و گرنگیدان بە خواردنی خێرا ڕوندەکاتەوە

| جۆری گەڕەک | وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| گەڕەکی میللی و کۆن | بەڵێ | ١٦ | ٤,١٪ |
| | تاڕادەیەک | ٤٢ | ١٠,٨٪ |
| | نەخێر | ٣٨ | ٩,٧٪ |
| کۆی گەڕەکی میللی و کۆن | | ٩٦ | ٢٤,٦٪ |
| گەڕەکی مامناوەند | بەڵێ | ٢٧ | ٦,٩٪ |
| | تاڕادەیەک | ٥٦ | ١٤,٤٪ |
| | نەخێر | ٣٧ | ٩,٥٪ |
| کۆی مامناوەند | | ١٢٠ | ٣٠,٨٪ |
| گەڕەکی دەوڵەمەند | بەڵێ | ١٠ | ٢,٦٪ |
| | تاڕادەیەک | ٤٠ | ١٠,٣٪ |
| | نەخێر | ١٢٤ | ٣١,٨٪ |
| کۆی دەوڵەمەند | | ١٧٤ | ٤٤,٦٪ |
| کۆی گشتی | | ٣٩٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٥-١٦) نیشانی دەدات کە هێشتا زۆرینە (٥١٪) گرنگیی سەرەکی بە خواردنی ماڵەوە دەدەن و گرنگی بە خواردنی خێرا نادەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو (١٣,٦٪ بەڵێ + ٣٥,٤٪ تاڕادەیەک=٤٩٪) مەیلیان بۆ خواردنی خێرا هەیە. هەروەها ڕەوتێکی زۆر ڕون و پێچەوانەی چاوەڕوانی لە خشتەکەدا هەیە: هەرچەندە گەڕەکەکە مۆدێرنتر بێت، ڕێژەی گرنگیدان بە خواردنی خێرا کەم دەکات و ڕێژەی ڕەتکردنەوەی ("نەخێر") بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، (٧١,٤٪)ی دانیشتوان گرنگی بە خواردنی خێرا نادەن، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە گەڕەکە کۆنەکاندا تەنها (٣٩,٦٪)یە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان (پەیوەندیی نێوان پۆلێنی گەرەک و گرنگیدان بە خواردنی خێرا)، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا$^2$) بە بەهای (١٢١,٦٦٨) و بە نمرەی ئازادی(٢٤) و بە ئاستی دەلالەت(٠,٠٠٠) بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بە واتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (پەیوەندیی نێوان پۆلێنی گەرەک و گرنگیدان بە خواردنی خێرا) هەیە. بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دو گۆڕاوە سودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتوە، کە بەهای (کرامەر) بریتی بو لە (٠,٣٩٥)، ئەمەش بە پەیوەندییەکی مامناوەند بۆ بەهێز لە نێوان ئەو دو گۆڕاوە دادەنرێت.

پەیوەندییە زۆر بەهێزەکە، بەتایبەتی ئاراستە پێچەوانەکەی، دۆزینەوەیەکی زۆر گرنگە. ئەمە لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە دانیشتوانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، کە زیاتر لە چینی مامناوەندی بەرەو سەرەوە و دەوڵەمەندن، هۆشیارییەکی تەندروستیی بەرزتریان هەیە و زیاتر لە زیانەکانی خواردنی خێرا ئاگادارن. لە بەرامبەردا، لەوانەیە دانیشتوانی گەرەکە کۆن و نوێیەکان زیاتر لەژێر کاریگەریی "ماکدۆناڵدیزەکردن"ی ڕیتزەردا بن و خواردنی خێرا وەک ڕەفتارێکی مۆدێرن و ئاسان سەیر بکەن.

## ٦-ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

**١-٦ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتا مەیدانییەکانەوە گەیشتە چەند ئەنجامێکی گرنگ، کە وێنەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی کوردی لە ژینگەی شارنشینیی هەولێردا دەکێشن:

١- زۆرینەیەکی بەرچاو (٧٠,٥٪)ی بەشداربوان خوێندنی تێکەڵاو قبوڵ دەکەن، کە نیشانەی گۆڕانکارییەکی قوڵە لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بەرامبەر پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان.

٢- مامەڵەکردنی هەڵبژاردەیی لەگەڵ نەریت :زۆرینەی بەشداربوان (نزیکەی ٨٦٪) بە شێوەیەکی مەرجدار ئامادەن دەستبەرداری نەریتە کۆنەکان بن. ئەمە دەریدەخات کە پرۆسەی گۆڕانکاری، سڕینەوەی تەواوی ڕابردو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی دانوستان و گونجانە لەنێوان پاراستنی شوناس و پێداویستییەکانی سەردەم.

٣- کاریگەریی ئابوریی شار لەسەر پێکهاتەی خێزان :زۆرینەیەکی ڕەها (٧٥,٢٪) پێیان وایە ژیانی شار ناچاری کردون وەچەخستنەوە سنوردار بکەن. ئەمە دەیسەلمێنێت کە عەقڵانیەتی ئابوری و فشاری تێچوی ژیان لە شاردا، کاریگەری لەسەر یەکێک لە بنەڕەتیترین بڕیارەکانی خێزان داناوە و بەرەو بچوکبونەوەی قەبارەی خێزانی بردوە.

٤-توێژینەوەکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەنێوان کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر بڕیاری کڕین و مەیلی بەکاربردنی کاڵا دۆزییەوە. ئەمە نیشانەی دروستبونی "شێوازی ژیانی شارنشینی"یە کە بە کولتوری بەرخۆری تایبەتمەندە.

### ٢-٦ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی چۆنایەتی:(Qualitative) ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی چەندایەتی وێنەیەکی گشتیی دیاردەکەی کێشاوە. پێشنیار دەکرێت توێژینەوەی چۆنایەتی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قوڵ و گروپی فۆکەسەوە ئەنجام بدرێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵنەرە شاراوەکانی ئەم گۆڕانکارییانە

٢- توێژینەوەی درێژخایەن :(Longitudinal) لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی بەهاکان پێویستی بە کات هەیە. پێشنیار دەکرێت دوای ماوەیەک (بۆ نمونە ٥ یان ١٠ ساڵی تر) ئەم توێژینەوەیە دوبارە بکرێتەوە بۆ بەدیکردنی ئاراستە و خێرایی گۆڕانکارییەکان.

### ٣-٦ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

١- بۆ دامەزراوەکانی پلاندانانی شاری و حکومەت: لە کاتی پلاندانان بۆ گەڕەکە نوێیەکان، پێویستە ڕەچاوی دروستکردنی "فەزای گشتی" و ناوەندی کۆمەڵایەتی بکرێت کە هانی کارلێکی نێوان دانیشتوان بدات و ڕێگری لە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی بکات. هەروەها پشتگیریکردنی دامەزراوە کولتوری و پەروەردەییەکان کە کار لەسەر دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان نەوەکاندا دەکەن و دیالۆگ لەسەر شوناس و نوێگەرایی ساز دەکەن.
٢- بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا: گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن (بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی) بە شێوەیەک کە قوتابیان هان بدات بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەیان بکات بۆ مامەڵەکردنێکی هاوسەنگ لەگەڵ نەریت و نوێگەریدا. هەروەها ڕێکخستنی چالاکی و سیمینار بۆ دایکان و باوکان سەبارەت بە ئاڵنگارییەکانی پەروەردەکردنی منداڵ لە ژینگەی مۆدێرنی شاردا. هەروەها هاندانی دیالۆگی کراوە لەنێوان ئەندامانی خێزان، بەتایبەت لەنێوان نەوەی دایک و باوکان و نەوەی منداڵەکاندا، بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیی تێڕوانینەکان و کەمکردنەوەی کەلێنی نەوەکان.

## سەرچاوەکان


ئاشوری، داریوش، (٢٠٢٠) ئێمە و مۆدێرنە، و، هیوا عەزیزی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسول، (٢٠٠٣) هیگڵ فەلسەفە و مۆدێرنیزم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
ئەحمەد، مورشید، (٢٠٢١) *سەرەتاکانی دروستبونی کۆمەڵناسی*.،چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
گیدنز، ئەنتۆنی، (٢٠١٣) *کۆمەڵناسی*،و،کۆمەڵێک وەرگێر، چاپخانەی چوارچرا،هەولێر.
بارببیا، مۆریس، (٢٠١٩) *مۆدێرنیتەی سیاسی*.،و، چنور فەتحی، هەولێر.
بەعلی، فوئاد، (٢٠٠٦) *کۆمەڵناسی نوێ و ئیبن خەلدون*، و، زیرەک ئەحمەد و سنور عەبدوڵڵا،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
حسێن، بیستون ئەحمەد، (٢٠٢٣) *جوگرافیای شار و کێشەکانی شارنشینی*،چاپخانەی هێڤی،هەولێر.
خولق، مەنسور و سوقی، نیک، عەلی ئەکبەر، (٢٠١٣) *بنەماکانی کۆمەڵناسی*،خانەی موکریانی، هەولێر.
الدخیل، عبدالعزیز عبدالله، (٢٠٠٦) *معجم مصطلحات الاجتماعیة والعلوم الاجتماعیة*، دار المناهج للنشر والتوزیع، الأردن.
ڕەبانی، ڕەسوڵ، (٢٠١٢) *کۆمەڵناسی شار*، و، چەکۆ ئەحمەدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
السید، السید عبدالعطی، (٢٠١١) *علم الاجتماع الحضري*،دار المسیرة للطبع والنشر، عمان.
شحاتة، حسن وآخرون، (٢٠٠٣) *معجم للمصطلحات التربویة والنفسیة*، الدار المصریة اللبنانیة، القاهرة.
العزاوی، حمودی، (١٩٩٩) *العمارة أسالیبها والأسس النظریة لتطور أشکالها*، دار مجدلاوی للنشر والتوزیع، عمان.
عیشور، نادیة سعید، (٢٠١٧) *منهجیة البحث العلمي في العلوم الاجتماعیة*، مؤسسة حسین رأس الجبل للنشر والتوزیع، بسکرة.
مانهایم، کارل، (١٩٩٣) مدخل إلى علم الاجتماع، و، إحسان محمد الحسن، دار الکتب للطباعة والنشر، بغداد.
مستەفا، فاتمە قادر، (٢٠٢٣) *پلاندانانی شارنشینی*، کتێبخانەی ئەحمەدی کۆیی، ڕانیە.
معایتە، خەلیل عەبدولڕەحمان، (٢٠١٣) *دەروونناسی کۆمەڵایەتی*، و، سەلاح سەعدی، چاپخانەی نارین، هەولێر.
ناصر، ئیبراهیم، (٢٠٢٠) *زانستی کۆمەڵناسیی پەروەردەیی*، چاپخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید
الهاشمي، عبدالحمید محمد،(١٩٨٩) *المرشد في علم النفس الاجتماعي*، دار الشروق، جدة.
حمد، شڤان اسماعیل،(٢٠١٦) ڕۆڵی مۆدێرنیتە لە گەشەی ژینگەی شارنشینی لەشاری هەولێر، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.
هداجي، أحمد، (٢٠٢١) 'تغيُّر العلاقات الاجتماعية للأسرة الحضرية: دراسة ميدانية لحي ١٤٠ مسكن بالمدينة الجديدة الشيخ سيدي محمد بلكبير –أدرار ,'*مجلة آفاق علمية*، ١٣(٥)، ص. ٨٩-١٠٨.
Bandile, A. (2024) 'The effect of urbanization on community social networks and support systems', *International Journal of Humanity and Social Sciences*, 3(3), pp. 46-59.
Giddens, Anthony, (1990) *The Consequences of Modernity*, Stanford University Press, Stanford, CA.
Giddens, Anthony, (2020) *The Transformation of Intimacy, Sexuality, Love and Eroticism in Modern Societies*, 3rd edn, Stanford University Press, Stanford, CA.

Habermas, Jurgen, (2022) *Social Tension,The Theory of Communicative Action*,Translated by T. McCarthy, Beacon Press, Boston, MA.

HORMAZÁBAL, Cristian. Bauman, Zygmunt (2000) Liquid Modernity, Cambridge, Polity Press, 2000, *Athenea Digital, revista de pensamiento e investigación social*, 2001, 10.

Simmel, G. (1950) The Sociology of Georg Simmel. Translated and edited by Wolff, K.H. New York: Free Press.